# سەدام حوسێن پاداشت بەسەر بەرپرسانی سوپادا دەبەخشێتەوە لەبەرامبەرتاوانی ئەنفال .

عومەر محەمەد

دەوڵەتی عێراق لەکاتێکدا تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدا کە پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدی ساڵی 1948ی لەرێکەوتی 9ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1959 واژۆکردبوو. کەچی بێئەوەی رێز لە واژۆی خۆی بگرێت بەشێوەیەکی سیستماتێک ئەفسەروسەربازو هێزەکانی سوپای بۆ ریشەکێشکردنی کورد خستبووە جموجۆل ئەو تاوانانە لەکاتێکدابوون کە کوردستان بەشێک بوو لە عێراقو گوندنشینانی کورد هاولاتی عێراقی بوونو خەڵکە مەدەنیەکەی هیچ تاوانێکیان نەبوو، تەنانەت هیچ دەسەلاتێکیان بەسەر بریارومامەڵەی هێزە سیاسیو چەکداریەکانی کوردستانەوەنەبوو، لە هەندێک حاڵەتیشدا جگەلە پەیوەندی ناچاریو زۆرەملیو هاوسۆزییەکی نەتەوەیی هیچ گایەکیان لە گێرەی دوو حزبە دەسەلاتدارەکە ( یەکێتیو پارتی)دا نەدەگەراو هاوپەیمانێتی ئەو دوو هێزە لەگەڵ ئێران نە بەپرسو رای ئەوان بووەو نە دەسەلاتیشیان بەسەربریاریاندا دەشکا .


بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
مكتب أمانة سر القيادة العامة للقوات المسلحة

سري للغاية

الرقم / ١/ ١٨/ ٥٨١٢
التاريخ ١٠ ت٢ ١٩٨٨

الى / ديوان الرئاسة
الموضوع / تكريم

حصلت موافقة السيد الرئيس القائد العام للقوات المسلحة حفظه الله على منح الضباط المدرجة أسماؤهم ومناصبهم أدناه نوط شجاعة لكل منهم .

١. الفريق الركن نعمه فارس حسين معاون رئيس أركان الجيش للتدريب لقيادته الفيلق الخامس أثناء عملية الانفال الاولى .

٢. اللواء الركن يونس محمد الذرب قائد الفيلق الخامس لقيادته الفيلق أثناء عمليات الانفال الثامنه وخاتمة الانفال وبلغه .

٣. الرفيق اللواء عبد سلمان حمندي أمين سر فرع عوريه العسكري (فل / ٥) لدوره المتميز في عمليتي الانفال الثامنه وخاتمة الانفال .

٤. العميد الركن صباح أسماعيل فرحان قائد قوات / ٤٥ لاشتراكه في عملية الانفال الثامنه .

يرجى التفضل بما يقتضي ... مع التقدير .

الفريق الركن
علاء الدين كاظم حماد
أمين السر العام للقيادة العامة للقوات المسلحة

نسخة الى /
رئاسة الجمهورية (السكرتير) / يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

(١ — ١)
سري للغاية

خليل /

کەچی حزبی بەعس بە جۆرێک پیاوانی خۆی هاندەدا پەلاماری خەڵکی مەدەنی بدەن وەک ئەوەی ئەو هەموو ژنو منداڵەی ئەنفالکران پاسداری ئێرانی بووبن ! بەگشتی هەموو ئەو ئەفسەرو موستەشارانەی رۆڵی بەرچاویان لە پەلامارەکانی ئەنفالدا هەبووە پاداشتکراونو مەدالیای ئازایەتیان لەلایەن خودی صدام حسینەوە پێبەخشرا، لەم ژمارەیەدا ( ئەنفالستان) مشتێک لەخەرواری ئەو ناجوامێریانە بەبەڵگەوە دەخاتە بەردەست کە صدامی تکریتی چۆن مەدالیای بە پیاوانی ملکەچی خۆی بەخشیوەوهانی ئەفسەرانی سوپای داوە بۆ توندوتیژی .

## بەڵگەکان

نوسراوی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ دیوانی سەرۆکایەتی ژمارە أ/18/5812 رێکەوتی 10/ ت2 / 1988

بۆ/ دیوانی سەرۆکایەتی

بابەت / پاداشت

www.anfalistan.com

ڕەزامەندی بەڕێز سەرۆکایەتی پێشەوای گشتی هێزەچەکدارەکان وەرگیرا خوابیپارێزی لەسەر بەخشینی (نوط الشجاعه) مەدالیای ئازایەتی بەو ئەفسەرانەی ناوەکانیان ریزکراوە لەگەڵ پلەکانیان بۆهەریەکەیان .

- فەریق روکن نعمە فارس حسین جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆراهێنان لە فەیلەقی پێنج لەکاتی پرۆسەکانی ئەنفالی یەکەم
- لیوا رکن یونس محمد زەرب پێشەوای فەیلەقی پێنج بە هۆی پێشەوایەتی کردنی لە کاتی پرۆسەکانی ئەنفالی هەشتەمو کۆتایی ئەنفال و (بلغە)
- هەڤاڵ لیوا عەبد سەلمان حەمدی رازگری لقی عموریەی سەربازی (فل/5) کە رۆڵی گرنگو بەرچاوی هەبووە لە پرۆسەی ئەنفالی هەشتەم (کۆتایی ئەنفال)
- عەمید روکن روکن (صباح اسماعیل فەرحان) پێشەوای هێزی 45 کە بەشداربووە لە پرۆسەی ئەنفالی هەشتەم .

**تکایە بفەرموون بۆکاری پێویست .**

**فەریق روکن**

**عەلائەدین کازم حەماد**

**نهێنی پارێزی گشتی پێشەوایەتی گشتی هێزە چەکدارە .**

**11/10**

**وێنەیەک بۆ /**

**سەرۆکایەتی کۆمار ( ئەلسکرتێر) تکایە بفرەموون بۆ بەدواداچون ... لەگەڵ رێزدا .**

لەهەمان بەڵگەنامەدا برگەی و - لەلاپەرە (2) کەنوسراوێکە لەدیوانی سەرۆکایەتیەوە ئاراستەی سەرۆک کۆمار کراوە باس لەوە دەکات ئەو ئەفسەرانەی کە ناویان هاتووە بریتین لە شەش ئەفسەری پلە بەرزی فەیلەقی یەکو هەشت ئەفسەری فەیلەقی پێنجو سێ ئەفسەری (رازگر- نهێنی پارێز) ئەوانەی پێشەوایەتی تیپەکانیان کردووە لە کەرتەکانی فەیلەقی یەکو پێنجدا لە پەلاماری هەشتەم و ئەنفالی کۆتایدا بەشدارییان کردووە رۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەنیوان 28ی ئاب هەتا ٢٣ی ئەیلولی 1988 خەڵاتکراون بەبری 5000 پێنج هەزار دینارو بەخشینی کاتژمێرێکی دەستی کە وێنەی بەرێزتانی ( صدام حسێن) لەسەرە
ناوەکان بەم شێوەیە ریزبەند کراون :

فەیلەقی یەک :

1- عەمید روکن / عەبدول مەجید عەباس وەهیب – پێشەوا فق مش /2
2- عەمید روکن / عەبد عەون نیعمە مەنسور – پێشەوا فق مش /24
3- عەمید روکن / ئیبراهیم خلیل ئیبراهیم – پێشەوا فق مش /37
4- عەمید (ق خ) روکن / دورەید مستەفا شاکر – پێشەوا فق مش /40
5- عەمید روکن / عەلی ئەحمەد محمد صالح – پێشەوا فق مش /46
6- عەمید روکن / ناسر مەجید تۆفیق – پێشەوا فق مش /50

فەیلەقی پێنج :

7- لیوا (ق خ) روکن / عیسمەت سابر عومەر – پێشەوا فق مش /4

www.anfalistan.com

8- عەمید روکن / ئەمیر جاسم حەسۆ – پێشەوا فق مش /7
9- عەمید روکن / عەبدول جەلیل عەبدولحەمید موحسین – پێشەوا فق مش /29
10- لیوا روکن / محەمەد تاهیر تۆفیق – پێشەوا فق مش /35
11- لیوا روکن / حەمید شاکر مەحمود – پێشەوا فق مش /41
12- لیوا روکن / عەبدولئەمیر عەلوان حسین – پێشەوای هێز/38
13- لیوا / ئەیاد شەعبان رەمزی – پێشەوا فق مش /42
14- عەمید روکن / قاسم صالح حەسەن - پێشەوای هێزی (جحفل الدفاع الوگنی / 5)

ز- رێزلێنانی هەڤالانی رازگری حزب لەناو سوپادا کە ناویان هاتووە بری (3000) سێ هەزار دیناریان پێ بەخشراوە لەگەڵ کاتژمێریکی دەستی کە وێنەی بەرێزتی لەسەرە .

یەکەم . هەڤاڵ عەمید محمد خەیری محەمەد نهێنی پارێزی پێشەوایەتی ( شعبەی شەرحبیلی سەربازی . لە تیپی 29 .

دووهەم . هەڤاڵ عەمید / عەلی لوفتە حسێن – نهێنی پارێزی پێشەوایەتی (شعبە خالد العسکریە) (فق / 2)

سێهەم . هەڤاڵ عەمید روکن/ عەلی صالح حەمودی ئەلدوری – نهێنی پارێزی پێشەوایەتی (شعبە موسی بن نصیر العسکریە) (فق مش / 35)